بەکـــــــــــورتی2: بە لۆگۆ سۆفیزم(تەســـــــــــــــووف) یەکناگرمەوە!؟.. ئازاد حەمە

هەڵخەڵکردنی بیروباوەڕی سۆفیایەتی تازەنییە و ئەنتی سۆفیزم Anti Sufismیش هەندێ خودی سۆفیزم قوڵە و بەردەوامیشی هەیە. گومانەکان لە تواناکانی سۆفیگەریی لە گۆڕینی ژیانی مرۆڤ نوێ نییەن. بەڵێ هەوەستەکان لەوبارەوە بەرامبەر بە ژیان و جیهان دەمانخەنەبەردەم دوو جۆر لە زاهیدگەرایی(ئایینیی و فەلسەفیی). سۆفیزم بەچەن قەناغێکدا تێپەڕیووە و دیدگاکانیشی تاکئاقار نییە، لە بەشێکی زۆر لە بیریارانی عەرەبی ئیسلامی سۆفیزم دابەشدەکەنە سەر ئاوەڵی کە لە سۆفیەکان لە ئیسلامەوە نزیکە و کێیان لەوێدوورە. لەبەرئەوە دەپرسین: گۆڕ سۆفیگەرایی هەڵگاکانی پاککردنەوەی پیسی ناخمان پیشاندەدات، ئەی دوای ئەوە؟ شوێنکەوتوانی عیرفانی ئیسلامی لەماوەوە زۆریانوتووە، لە بەپێی دیتنی ئەمە پاقژکردنی دە و خاوێنکردنی ناخ پتر لە سۆفیایەتی دەخوازێت. سۆفیزمێک دابڕاوبێت لە دیدی فەلسەفیی بە جیهان، تاک و گەردوون دژیم. بۆیە دژی سۆفیزمێکم تەنها لە خەیاڵی خودێکدا بێت، لەمیانەی تاکێکەوە خۆی نمایشبکات، کە خودی سۆفیستە. دژیم چونکە مرۆڤ دابڕاودەکات لە جیهانی خیال و ئارگومێنتەکانیشی لەبەردەم ئەو ئازارەی مرۆڤەکان لە گەردووندا دەیژەن لاوازە.
هەستێکی نائارامم سەبارەت بە سۆفیبوون هەیە. سەرچاوەی ئەم نائارامیەشم خودی سۆفیگەریی لەیبەرپرسیارە. ئەمەش بەهەکاری ئاوەڵی، کە لەناو سۆفیگەریدا بەباکییەک بەرامبەربە ئاویتر Other دەبینم، گشت ئاویترێک بە سۆفیست(سۆفیگەرا) ئەو مانایەی نییە. بەڵێ دژی تەسەووفم.
زەرەک پەیانوایە، کە سۆفیایەتی شوازێکە بە بینینی جیهان. لەناو ئەم بینینەش پەیوەندیکردن بە خالق چەقی کردەکانی سۆفی پێکدێنێت. بەڵام سۆفیگەری، کە سیستەمێک لە ئەندێشگەرایی عیرفانی تیابەرجەستەیە، ئەمە چی لە نادادیی و غەدرەکانی جیهان دەگۆڕێت؟ بەڵێ سۆفیزم دیدی زاهید بە جیهان هەڵگری مانا بەرزەکانە بە ڕەح، بە پێچەوانەی هەندێک دیدی تڕەوە، کە مامەڵە لەگەڵ ژیانی دونیایییدا دەکات. واتە،دونیای بەردەست بە زاهید شوێنکی هاگوزەر، ئەمەش وادەکات مرۆڤی زاهید لە چژەکانی ژیان خۆی

بەدوربگرێت و خۆی بە ژیانێکی هەتاهەتایی ئامادەبکات.دواتر چی؟بۆ ئەمە دواترەکە پرسیارە سەرەکییەکە پێکدێنێت.
لە تەسەوفا هەش ونە و بە فەلسەفەش هەش سەرەکییە. دیارە ئایدیالی زاهید پشتگیری لە بەهاکانی نزاکردن، دەروەشگەرایی، زیکرکردن، پاکیزەیی و خۆنەویستی دەکات. ئەمە بەپێی زاهیدگەرایی فەلسەفیی بەرەو زیادەڕەوی لە خوا پەرستیمان دەبات،کە بەشێک لە بیریارانی ئیسلام وەک مەترسییەک لەبەردەم ئیسلامگەرایی بینیویانە. بۆیە گرنگیدان بە مرۆڤ و بیرکردنەوە لە باشترین شێوازی ژیان، هەردەم بە فەلسەفە مانای خۆی هەبووە.
تەسەوفی عیرفانی، ئەمە کە ئێستا خەریکە لە کوردستان بەئاودەبێتەوە، لە وتارێکی شیعرگەرایی زیاتر هیچیتر نییە. سەرلەبەری ئەو عیرفانیی لەوەڕا بیاندەکرێت پشتبە دۆی(گوتنی) تەسەوفی عیرفانی شیعرئامێز دەبەستێت، کە دەخوازێت بگاتە ئاستی دۆی Aphoristic (گوتنی نەستەق)، لە ناگات. ناگات، چونکە بنەماکەی هەرتەقاتە Heresy و مانا بەرهەمنایەنێت. بە سۆفیەکی عارف مانا گرنگ نیە، ئەو تەوانبژێریە پەخشانئامێز گرنگە عارف خۆی پێڕیردەکاتەوە.
کەتا وتنمان لەم بارەیەوە ئەم پەڵە پرسیارە لەخۆدەگرێت: شیاوە لە تەهەندی مەعنەویی سۆفیایەتیدا توخمی فەلسەفیی بدەزرێتەوە؟واتە کارکردن لەناو پەڵی سۆفیزم(تەسەووف)هاوکارماندەبێت سەستەمکی فەلسەفیی بونیادبنێن، کە دواتر گوتارێکی فەلسەفیی لێبخوڕقێت؟ ئایا سۆفیگەریی،کە ئاکاری نزا، سوجدە، بەزەیی، پەسەزیی و زاهیدیی پەرەپێدەدات، دەتوانێت رووبەرووی زیرەکی دەستکرد ببێتەوە؟ دیدی زاهید(عارف) بە ژیان، بە جیهان، دیدێکە لەسەر بناغەی ئەوە دروستبووە، کە ژیان تاگوزەرە، کاتییە و تەواودەبێت. ئەمە تابلۆیەکی سوریالی زەر جوانە، بەس لەبەردەم شپەڵی زیرەکی دەستکردا چیپەدەکرێت؟

ئازاد حەمە
پرۆفیسەر لە فەلسەفە لە زانکۆی سلێمانی

پارادۆکس لە فەلسەفەی سیاسی مارکسدا – بەشی یەکەم.. ئەکرەم سەعید

فەلسەفە سیاسی مارکس و دەترمینیزم*

(دەقەکانی مارکس وەک شەمشەمەکوێرە وان: مرۆڤ دەتوانێت هەم باشبێت و هەم مشکیان تێدا ببینێت).-(پارێتە- لێلایەن ئێلمان/ ساڵی ۱۹۷۱- وەرگێڕاوە).

لە بەرئاوەی بیروکاری سیاسی بەململانێی چینایەتی کۆمەڵگاوە پەیوەندی هەیە، لەرەوە فەلسەفە سیاسییەکان بەپێی بەرژەوەندی ئاو چینەی نوێنەرایەتی دەکەن، لە پرنسیپەکان و ڕەبازەکانیاندا جیاوازن. بە نموونە کۆشە سەرکیەکانی فەلسەفەی سیاسی بەرژوازی(کۆنسەرڤاتیڤسم و لیبەرالیسم) بریتین لەڕەکخستنی خەڵکی، بەجۆرێک کە ئەندامانی کۆمەڵگە ملکەچی دەسەڵاتی سیاسی چینی بەرژوازی بکەن، بەڵام فەلسەفەی سیاسی سۆسیالیستی هەوڵی هۆشیارکردنەوەو ڕەکخستنی چینی کرێکاران دەدات تا شۆڕش بکەن بەسەر دەوڵەتی بەرژوازەکانداو دەسەڵاتی کرێکاران دابمەزرێنن.
بە بەچوونی مارکس فەلسەفەی سیاسی سۆسیالیستی پێش خۆی، دابڕاوبوون لە لکۆینەوەی زانستی کۆنکرێتی، و لەپراکتیکدا پەیوەندییان بەخەباتی چینی کرێکارانەوە نەبووە، بۆیە مارکس لە ڕەخنەی تیۆری کۆمەڵایەتی و ئابووری سیاسیدا، ئاوانی تێپەڕاند، بەڵام خوێنەرە وردبینەکان لە دەقەکانی فەلسەفەی سیاسی مارکسدا، کۆمەڵێک هەونکردنەوەو چەمکی دژ بەیەک/ پارادۆکسی تێدا دەدۆزنەوە.
مشتومڕ سەبارەت بە فەلسەفەی سیاسی مارکس، بووتە هۆی ناکۆکی نێوان سۆسیالیستەکان کە ئایا کام ڕوایەت/ خوێندنەوە بە دەقەکانی، مەبەستی مارکس بە دروستی دەخاتە بەردەست.
پەدەچێت زۆرم بەت فەلسەفە سیاسییەکەی مارکس، کە لە هەموو ڕووتکی تری فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخ شەشگۆشەترە، بەوە ڕەخنەی لە بگیرێ کە پارادۆکسە. لێرەداستیدا مارکس فەلسەفە سیاسییەکەی لە یەک کتێبدا کۆنکردوەتەوەو پشکشی بکات، بەڵکە بەدرێژایی چالاکی نووسین و سیاسیەتکردنی، پرنسیپەکانی فەلسەفە سیاسییەکەی داشتووە. مارکس هەرگیز بە شێوەیەکی سیستماتیک پەڕی بە فەلسەفە سیاسییەکەی خۆی نەداوە، لەبەرەوە خوێندنەوەی بەرهەمە سیاسیەکانی مارکس، کە بە

واڵەت هارمۆنیە و مەحاڵە لەگ جیابکرێنەوە، بووتە هەی ئەوەی ئەنجامگیری زۆر جۆراوجۆری جیاوازو دژ بەیەکی لێ بکرێ، واتە دەقەکانی مارکس فرێ گوتارو لێ هەندێ جێگادا پڕدەکساڵ.

فەلسەفەی سیاسی مارکس و دیکتەرمینیزم*

ئاگەرچی مارکس و ئینگلس هەشداریدەدەن کە(مانیفێست بووتە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی کە ئەمڕۆ چیتر مافی گۆڕینیمان نییە.) – مارکس و ئینگڵس – پێشکی بە چاپی ئەڵمانی ٢٤ی حوزەیرانی ١٨٧٢، لەندەن. بەڵام بەگ لە مارکسیستەکان تا ئەمڕۆکەش، دەگەڕێنەوە بۆ بۆکارهێنانی هەندێ دربڕین و ڕستەی نێو مانیفێست، کە مانایکی دیکتەرمینیزمی دەبەخشێ.

یەکێک لەو پڕۆگرافانەی نێو"مانیفێست"کە بۆتە هەی ئەوەی مارکس بە(دیکتەرمینیزم) تاوانبار بکرێ ئەم دڕبڕینەیە:(بەمجۆرە پێش هەر شتێک، ئەوەی بوورژوازی بەرهەمیدەهێنێت گۆڕەکەکانی خۆیەتی؛ ووخانی بورژوازی و سەرکەوتنی پڕۆلیتاریا، وەکوو یەک مسۆگەر.)- مانیفێست – لاپەڕە ٢٤ – هاوڕێ موسڵح وەرگێڕانکەی لە زمانی ئینگلیسیەوە کردووەو بڵاوردیشی کردووە بە زمانی سویدی.

وشەی: unvermeidlich – oundviklig – inevitable بە ئەڵمانی و ئیگلیسی مانای:"ناگری لێناکرێت – حتمي / لا مفر منه" دەگەیەنێ.

پارادەکسەکە لێرەدا ئەوەیە کە خودی"مانیفێست" بە هەڵکخراوەکی نێونەتەوەی کۆمۆنیستەکان نووسراوە؛ واتە هەوەی کۆمۆنیستەکان بە هۆشیارکردن و هەڵکخستنی چینی کرێکاران یەکبخات بۆ گۆڕانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، یانی تا سوژە(کە چینی کرێکارانە)بتوانێ شۆڕشی سۆسیالیستی بکات، بەم مانایە مارکس بەوای بەوە هەبووە کە ئەڵمانی سوژە گرنگە لە گۆڕانی مێژوودا. لێرەدا یەکەم شت مرۆڤ بە مۆشکیدا دێت ئەوەیە: ئەی کەواتە چۆن(ووخانی بوورژوازی و سەرکەوتنی پڕۆلیتاریا، وەکوو یەک مسۆگەر) یانی حەتمیە!، ئاگەر دامانی سەرمایەداری و دەسەاتی چینی بەرژوازی و سەرکەوتنی چینی کرێکاران یاساکی سروشتی و جۆبری مێژووەو حەتمیە، ئیدی ئەمە خەمان بۆ ماندوو بکەین؟!.

فەلسەفەی سیاسی سۆسیالیستی دەبە ئەو سیناریۆیەی مارکس نووسیبووی دەربارەی شۆڕشی سۆسیالیستی چینی کرێکاران جارێکی دی بەشێوەکی واقیعی بنووسێتەوەو ڕزگاری بێت لە ڕوانگەی دیکتەرمینیزمی.

من بەوام بەوە هەیە کە ئەوکاتەی چینی کرێکاران، لە هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕدا، بەکۆمەکی سۆسیالیستەکان(هۆشیاربوونەوەو یەکگرتووبوون)، ئەوکات شانسی شۆڕشی سۆسیالیستییان هەیە، لەرەوە ئاگاری هەیە کە شۆڕشی سۆسیالیستی دەسەاتی چینی بەرژوازی تێک

بشکێنێ و کۆمەڵگەی سۆسیالیستی دابمەزرێنێ، بەیە دروستترە باس لە(شانس و ئەگەر)بکەین نەک مسۆگەر/ حەتمی. من هاوڕای بەشێک لە سۆسیالیستەکانم کە دژبەیەکەی "مەزا" بە دروست دەزانن:(یان سۆسیالیسم یان بەربەریسم ***)، چونکە ئەم دژبەیە دوو ئەگەر نیشان دەدات لەبەردەمی مرۆڤایەتیدا، و ئێستاکە ئەمە لە نێو خولی سەرمایەداری دەندەدا ژیان بەسەر دەبەین.

بۆچی دژبەینی دەترمینیزمی نێو مانیفێست دروست نییە؟!.
چونکە بە دیوێکیدا هەڵە و گەمەکانی چینی بەرژوازی بە پارێزگاری لە سیستەمی سەرمایەداری و دەسەڵاتکەی؛ واتە ئەو لایەنی زاتی(سوژەکەی دی کە دژە شۆشی سۆسیالیستییە – چینی بەرژوازی) ناخاتە حیسابی خۆیەوە. لەڕاستیدا چینی بەرژوازی بەهۆی گوتاری ئایدۆلۆژی ناسیۆنالیستی وئایینی و ئەگزێرستییەوە، توانیویەتی چینی کرێکاران پارچەپارچەک بکات و فریویان بدات، وە سۆسیالیستەکانیشی لاوازکردووە، وە بەهۆی سەندیکای زەردەوە، چینی کرێکاران تەنها خەبات بە داوای مافی ئابووری سەندیکای دەکەن، و ئەوە زیاد لە سەد ساڵە ئەم خەبات هەندە نەچووەتە پێش تابەتە هۆشیاری سیاسی سەربەخۆی سۆسیالیستی.
وە بە دیوەکەی تریدا، دەترمینیزمی مارکسی ئەگەری ئەوەی لەبەرچاو نییە کە هێزی فاکتەری بابەتی(گۆشەی سەرمایەداری: تەکنەلۆژیا نوێ، و قەیرانی ئابووری و قەبەبوونی سەرمایەی وەهمی لەم سەردەمدا)، دژە درگاەک بکاتەوە بە قووتاربوونی سیستەمی سەرمایەداری بە لەمپەردانان لەبەردەم پەیدابوونی هەلومەرجی شۆشگێڕی، یان حیساب بە ئەوە ناکات کە ئەو فاکتەرە بابەتییانەی سەرەوە کۆمەڵگەی سەرمایەداری، بەهەردوو چینەکەوە، بەرەو داماڵان و فەوتان ببات.
هیوادارم ئەم کورتە وتارە کەمەکی بەو خەڵکانە بکات کە بیردەکەنەوە بەدوای ڕاستیدا دەگەڕین.

- پارادەکس بریتییە لە ناتەبایی لە نێوان ئەوەی تێڕەک باسی دەکات و ئەوەی عەقڵ چاوەڕێی لەدەکات یان لە بەکارهێنانی بنەما و هەستەکانی گشتی پەسەندکراو و بەواقیعت دروست، کە دەبێتە هۆی دژایەتی چاوەڕوانەکراو یان لەدوانی بە واقیعت نالۆژیک و ناعەقڵانی. یان پارادەکس بە دەربڕینێک دەوترێ کە بە پێوانەی لۆژیکی لەگەڵ خۆیا ناتەبا بێت، یا هەڵگایەک

بگرێتە بەر پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان.
** دەترمینیزم(بە ئینگلیسی: Determinism) لە فەلسەفە و زانستدا، ئەو تیۆرییە کە هەموو ڕووداوەکانی کۆمەڵگە و مێژوو، بە بەیارو کردارەکانی مرۆڤیشەوە، لەووی هەکارەوە بەلایەوە حەتمییە.
*** کاوتسکی ١٨٩٢ دەنووسە: یان دەبێت بچینە پێشەوە بۆ ناو سۆسیالیزم یان بکەوینەوە ناو بەربەریییەت(es heißt entweder vorwärts zum Sozialismus oder rückwärts in die Barbarei).
لەکسمبۆرگ ١٩١٥ دەنووسە: یان گواستنەوە بۆ سۆسیالیزم یان پاشکشە بۆ بەربەریییەت(entweder Übergang zum Sozialismus oder Rückfall in die Barbarei).
"مایکل لەوی" لە وتارەکی ئەم دواییەدا پێشنیاری ئەوە دەکات کە ڕەنگە لەکسمبۆرگ ئاماژەی بەم بۆچوونە کردبێت لە کتێبی"دژە دورینگ"دا:(هەم ئەو هێزە بەرهەمهێرانەی کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری مەدێرن دروستی کردووە و هەم سیستەمی دابەشکردنی کالا کە لەلایەن ئەوەوە دامەزراوە، کۆتوونێتە دژایەتی لەگەڵ خودی ئەو شێوازە بەرهەمهێنانە، و لە ڕاستیدا تا ڕادەیەک کە ئەگەر هەموو کۆمەڵگای مەدێرن لەناو نەچێت، دەبێت شۆڕشێک لە شێوازی بەرهەمهێنان و دابەشکردندا ڕووبدات).

- **سەرچاوەکان:**

Marxism And the Paradox of Contemporary Political/1 Thought Stanley Rothman – مارکسیزم و پارادۆکسی بیری سیاسی هاوچەرخ / ستانلی ڕۆتمان
Philosophy and Progress – KARL MARX'S CONTRIBUTION TO /2 SOCIAL AND POLITICAL PHILOSOPHY
3/ SIMON CLARKE Althusserian Marxism
4/ Cyril Smith 1998 / Marx's Critique of Political Philosophy
5/ Karl Marx's Political Epistemology – Subjectivity, abstraction and the state in the writings o f the early 1840s – James Martin Mclvor
6/ The development of Marx's social and political theory
7/ David McLellan's:Marx Before Marxism

ناوەندیکردنەوە یا فیدراڵیەت لە ئایندەی حکومەتی سوریادا!..

عوسمانی حاجی مارف

لە پرسەی کاریگەری دەخێکی پر لە گۆڕاوی سیاسی و نالەباری چواردە ساڵەی سوریا و بەردەوامی شەڕی ناوخۆدا، شتێک نەماوە بە ناوی دەوڵەتی ناوەندی و یەکگرتوو، ناوچەکانی سوریا تەواو لە یەک دابڕاون.

ئەحمەد شەرع و گروپەکەی هەیئەی تەحریری شام کە وەک نوێنەری ئیسلامیەکی سوننە مەریان داوە لە پێگەو هەسورانی سیاسیان، دانیشتوانی سوریاش زیاتر لە دوو لەسەر سێی لە سوننە پێکهاتووە، هەر بەناوی ئەو نوێنەرایەتیە و زەرینەی دانیشوانی عەرەبی سوننەوە، ئەحمەد شەرع لە هەوڵی پاوانخوازی دەسەڵاتدایە و بانگەشەی ناوەندیبوونەوەو یەکگرتوویی دەوڵەت و حکومەت دەکاتەوە. بەڵام ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئایا ئەحمەد شەرع دەتوانێت لەژێر عەبای عەرەبی سوننەدا و لە دەخی ئێستای ناوچەکەدا پارێزەی سەرمایەو سیستمی سەرمایەداری بێت؟ ئایا دەتوانێ سوریا یەکگرتوو بکاتەوە؟ یان بەشێک دەبێت لە درێژەدان بەشەڕی ناوخۆ و بەو گۆڕاو و دەخە نالەبارەی کە چواردەساڵە گیردەی سوریا بووە.

دوای ئەوەی شەرع سەرکردایەتی ئەو هەرشەی کردکە شارەکانی حەڵەب و دیمەشقیان گرتدەست و ئێسەد دەستبەرداری دەسەڵاتەکەی بوو، پاشان بەزووییی ئەحمەد شەرع حکومەتی راگەیاند، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە شەرع بیرکەی سیستەمی فیدراڵی بە پێکهێنانی حکومەت بگونجاو نازانێت، لەبەرئەوەی ئاواتەخوازە سیستەمێکی سیاسی ناوەندی دروست بکات و لایەنگەکانی تر بەشدار بن لە حکومەتەکەیدا ! هەڵبژاردەکانیان بکەنە بەشێک لە "سوپای نیشتمانی" واتە ئەو سوپایەی کە میلیشیاکانی خێی سەرکردایەتی دەکات.

حکومەتی شەرع کەنترۆڵی بەشێك لە خاکی سوریای بەدەستەوەیە، کە زەربەی شارەکانی ڕۆژئاوا و بەشێک لە لادێکانیش دەگرێتەوە. بەڵام لە دوای فوراتەوە بەرەو ڕۆژهەڵات هیچ میلێکی لایەنگری بە هەیئەت تەحریر شام بەدی ناکرێت. لەکاتێکدا هێزەکانی ژێر کەنترۆڵی ئەحمەد

ئەلعەودەی یاخیبووی پشوو لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی باشوور، نایانەوێت لەگەڵ سوپای نوێی سوریا یەکگرنەوە، لەباکوری ڕۆژهەڵاتیش هەستدەن، گەرچی سەرقاڵی گفتوگۆن لەگەڵ ئەحمەد شەرعدا، بەڵام بەهەستیاریەوە ماماڵەی ئەو پەیوەندیە دەکەن و مەیلی یەکگرتن لەگەڵ سوپایەکی ناوەندی نیشتمانیدا لەژێر دەسەڵاتی هەیئەی تەحریری شام دا نیشان نادەن
لە شوێنەکانی دیکەی باکوور، میلیشیاکانی لایەنگری تورکیا بەناوی "سوپای نیشتمانی سوری" یەوە، دەستیان بەسەر شوێنە سەربازیە ستراتیژی و قەڵا سەرەکیەکان لە عەفرین، جەرابلوس و ناوچەیەکی جیا لەنەوان تەل ئەبیاد و ڕەئس ئەلعەین دا گرتووە. ڕۆژی ٢٩/١/٢٠٢٥، تورکیا سەرەکی ئەم گرووپە، سەیف ئەبوبەکری ناچار کرد لە دیمەشق پیرۆزبایی شەخسی لە سەرۆک کەماری نوێ بکات، بەڵام تائێستا ئەم تاکە ئیمتیازەکە کە بە ئەحمەد شەرعیان داوە. ئەم دوو سەرکردەیە شەرع و ئەبوبەکر، مژووڵەکی دوورودرێژیان لە دوژمنایەتی بەرامبەر یەکتر هەیە، بەتایبەتی کە زۆرێک لە چەکدارانی سوریا کە چەکدارە کۆنەکانن لە شەڕە خوناوییەکانی دژی هەیئەی تەحریر شام بە کۆنترۆکردنی پارێزگای ئەدلەب لە نێوان ساڵانی ٢٠١٧ بە ٢٠٢٠ بەشدارییان کردووە.
ئەوەی دەیبینین سەرەڕای هەر هەوڵێک لە گفتوگۆو دانوسان لەنەوان هەسەدو شەرع دا، بەڵام هەسەد مەیلی بەلای پاراستنی سەربەخۆیی و پێگەی دەسەڵاتی خۆیدایە لە بەرامبەر حکومەتی ئەستای سوریادا، لەهەمانکاتدا دروزەکان کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر پارێزگای سویدادا دەڕۆکردووەتەوە و ڕێگری دەکەن لە چوونە ناوەوەی هێزەکانی هەیئەی تەحریر شام. لە ناوچە کۆنارەوەکانی عەلەویەکان، لەکاتی سەردانەکەی شەرع بۆ لازقیە و تەرتووس لە ١٦ی شوباتدا تەنها لایەن پێکهاتە عەرەبە سوننە ناوخۆییەکانەوە ئاهەنگ گێڕدرا. عەلەویەکان – مەزهەبی بنەماڵەی ئەسەد و بنکەی کۆمەڵایەتی ژێرەمی پشوو- بەشداریییان لە ئاهەنگەکاندا نەکرد، خۆیان لە گەڕەک و گوندەکانیاندا گۆشەگیرکرد. هەروەها بەرپرسانی پشووی ژێرەم میلیشیای نوێیان دروست کردووە بۆ پاراستنی ناوچەکە وەک پێناگەیەکی شاخاوی قەڵادار بۆ عەلەویەکان، ئەستاش لەشەرەکی خوناویدان و کوشتارەکی زۆر لە هەردوولایەندا هەیە.
ئەم بارودۆخە ناوخۆییە هەمەچەشنە و هەروەها دەستوەردانی بەردەوامی ئیسرائیل و تورکیا ئەوە دەردەخات کە شەرع ناتوانێ ئایندەیەک لە سوریا بەدەست بهێنێت کە حکومەتێکی ناوەندی و یەکگرتوو لەسایەی پشتیوانی هەیئەی تەحریردا دامەزرێنێت. تێکەڵکردنی هەموو ئەو کوتلە و گروپە نەتەوەیی و تائیفیە

چەکدارانە لەژیرسایەی هەزەک بە ناوی نوسرایەتی عەربی سونەدا هیچ گرەنتیەکی نیەو ئیمکانی نیە بتوانێ نیشاندەری ئازمونی حکومەتی ووڵاتێک بێت کە ئازادی و پێکەوەژیان تیادا گونجاو بێت.
بەڵام ئەوەی شایانی باسە دانیشتوانی سوریا خۆیان مەیلیان هەیە بە هەر پێکهاتەیەکەوە، سەربەخۆ و بەجیا و بەدور لە دەسەڵات و ڕژێی هەر هەزەکی نەتەوەیی و ئیسلامی و تائیفی، بسازێن و پێکەوە ژیان بکەن، بەڵام ئەحمەد شەرع و ڕەکخراوەکەی کە لە پاشماوەکانی داعش و قاعیدەن لەدواجاردا سەرکەوتنیان لەوەدایە کە لەڕگەی پاوانخوازی بەرجوا ناسیونالستی عەربی و سونە مەزهەبەوە بەریوەبرایەتی سەرمایەگوزاری لە سوریادا بکەن، بەم شێوەیش مانایەک نامێنێتەو بە ئازمونێکی سەرکەوتو بەناوی حکومەتی ناوەندی و جێگیربونی ئازادی و پێکەوەژیان.
ئەتوانین بڵێین کە پرۆژەی شەرعیەتی سیاسی لەسەر بنەمای ناوەندیبونەوەی دەسەڵات و یەکگرتنەوەی سوریا لەگەڵ واقیعی ئێستای دۆخی سیاسی سوریاو پێگەی هەیئەی تەحریر ناکۆک و نەگونجاوە. شەرع وەک هەزەکی ئیسلامی ناسراو بە تیرەریست ناتوانێ نوسرایەتی یەکگرتنەوەی سوریا بکات، مەگەر ئەمریکاو ئیسرائیل پشتیوانی بکەن؟!.
لەئێستادا هەوڵی سەرکی یەکخستنی گروپە جیاوازەکانی عەربی سونێ بە سوپایەکی نوێی نیشتمانی دوای هەوڵشاندنەوەی سوپای پێشوو، چەسپاندنی داهاتووی دەسەڵاتی ئەحمەد شەرع بە ڕەگایەکی بیرەکراسی کە لە دیمەشق و ناوچەکانی دەوروبەریدا جێبەجێی دەکات، بگرتنەبەری ئەو ڕێبازە تونەدی کە پێشتر لە ئەدلەب پیادەی کردووە. هەرچەندە شەرع پرسی"دیالۆگی نیشتیمانی" دەستپێکرد، بەڵام لە گفتوگۆکانی دەستپێکردندا بەهای هەوەدانی بەپلەو جۆری تەرحەکانی بە ڕەکخستنەوە، پرسیارو گومانی لەسەر شەرع دروستکردو زیاتر پڕچەکرداری لێکەوتەوە.
هەرلەم دۆخەدا پێشنیارێکی تر کە بە ئایندەی حکومەتی سوریا دۆخرەتروو، پێکهێنانی حکومەتێکی فیدرالیە، پەدچێت ئەم پێشنیارە زیاتر بەشێك بێت لە هەوڵەکانی ئەمریکا، کە لەو سەرچاوەیەوە دۆخرەتروو کە هەستی دژە ئیسرائیل لەنەو سوریەکاندا کەم بێتەوە و ئیسرائیل بتوانێ مامەڵەو گەمەی سیاسی خۆی لە سوریا پیرەوی بکات، هەروەک چۆن ئەمریکا دوای ڕوخانی سەدام فیدرالیزمی بەسەر عەراقدا سەپاند، تا لە بەرژەوەندی ئیسرائیل عەراق لاواز بکات، ئازمونی ئەم فیدرالیە و حکومەتی بەشبەشێنە لە عەراقدا بێتە بەڵایەکی گەورە بەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان و عەراقەوەو سەرچاوەی بەردەوامی ناجێگیری و گژاوی سیاسیە، کە لە هەر ئاوگرێکی سیاسیدا پگەو

هاوسەنگی هێزەکان دەبێتە مایەی توندبوونەوەی گرژی و ئاڵۆزی و سەرگەردانی، هەربەم شێوەیەو نمونەی ئازمونی عێراق و دوبارەبوونەوەی لە سوریا، ئاکامێکی نەرێنی لە دەخی سوریادا دەخولقێنێت.

بونی ئەحمەد شەرع و هەیئەی تەحریر لە هەردوو حاڵەتی ناوەندیکرنەوەی حکومەتی سوریا یا حکومەتی فیدرالی و دابەشکردنی سوریا لەسەر بنەمای نەتەوەو ئاین و تائیفە، هەرگیز ناتوانێ نمونەو ئازمونێکی سەقامگیری و ئارامی سیاسی بێت، دانیشتوانی سوریا بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە ناتوانن بە ئاسودەیی ژیان و گوزەران بکەن، فیدرالیزم داسپاندنی سیستمێکی کۆنەپەرستانەو دژ بە ئینسانیەتە، فیدرالیزم یارمەتیدەرە لە دابەشبونی تائیفی لە سوریا و پەرەپێدانی دابەشکردنی دەسەڵاتە بەشێوەیەکی نادادپەروەرانەتر، تەحدایەکی گەورەیە لەبەرامبەر دەخالەت و بریاری خێرا بە دیارکرنی چارەنوسی خەیان.

لەم بارەیەوە هەر هەوڵێك لە سوریا و عێراق بدرێت بە حکومەتێکی ناوەندی لە یەکگرتنی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئیسلامی و تائیفی یا حکومەتێکی فیدرالی دابەشکراو لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئیسلامی و تائیفی هەمیشە لەسەر تەقینەوەی بورکانی جەنگ و کارەسات و تراژیدیایەکدا راوەستاو دەبێت، دامەزراندنی حکومەتی ناوەندی دەبێت لەسەر بنەمای بەرەسمی نەناسینی هەر دین و نەتەوەو ئایدۆلۆژیەک بێت لە دەوڵەتدا، دەوڵەتێک بێت بەمانای ڕەسمیەتدان بەناسنامەی هاوڵاتیبوون و ئازادی و پاراستنی شکۆی ئیسانکان کە سەر بە هەر دین و نەتەوە تائیفەو هەر بیروباوەر و بۆچونێک بن، پێکهێنانی دەوڵەتێکی سکولار و نانەتەوەیی و بەرەسمیەت ناسینی ناسنامەی هاووڵاتیبون دەتوانێ زەمانەتی یەگرتوویی و پێکەوە ژیان بکات.

مەستورەیەکی بە خەم لە ڕەمانی خەمی مەستوورەدا!.. سەدیق

سەعید هاوەندزی

هاوەڵو لە دەقی ئەدەبی و بە تایبەتیش هەمانداا، ئەو هەندە مژووویی و زەمانییەی نامەنەت کە پێویستە بە کات و شوێنی هاوەڵوکە، بەکو لە پانتایی نووسیندا، هاوەڵو بە تایبەتیش کارساتی گەورە و هاوەڵاوی تراژیدی، بە ئاوێیە بردەوام بمێنێوە وجۆرك لە هەمیشەییبوونی لە یادەوەری ئەمەدا هەبە. گەر بە وردی هەموو ئەو هەمانانە بخوێنینەوە کە باس لە جینسایدی جوولەکەکان دەکەن، خوێنەر هەست ناکات ئەم هاوەڵاوە ببەتە بەشك لە واقیع و تێپەیبەت، بەکو وەك ئاوە وایە، کە چرکەساتی هاوەڵاوی جینسایدکردنەکە، لە ساتی خوێندنەوەی دەقەکە بوونی هەیە و هەزی گیانەوە و وێناکردنی ئەو کارساتە و نیشاندانی دیمەن و هاوەڵاوکان، ئەو زەمانە مژووویەی هاوەڵاوکە دەبەن و دەبنە بەشك لە ئێستا.

بە بەوای من، لای بەشکی زۆری هەمانووسانی کورد، هەتا ئێستا نەتوانراوە گوزارشت لەکارساتکی گەورەی وەك ئێنفال بکرێت، وەك ئاوەی لە شیعردا شەرکە بەکەس لە گیستانی چراکاندا کردی، ئەمە پێوەندی بە نەبوونی توانا و هەزی گیانەوە و بەرکەوتن لەگیە ئەو کارساتە هەیە، کە ئەمەش زۆرجار لە بەری ئاوەی گەورەیی ئەم کارساتمان بە نیشان بدات، بە داخەوە بچووك و بە بەهای دەکات و لە پگەی تراژیدی و مرۆیی کارساتکە کەم دەکاتەوە. لەو سێنگێوە، هەمانی خەمی مستوورە، یەکەکە لەو هەمانە سادە و هەژارانەی، کە نەك هەر نەیتوانیوە گوزارشت لە کارساتی ئێنفال و خەمی ژنانی کوردی پاشماوەی ئەو کارساتە بکات، بە داخەوە بەکو ئەم کارساتەی بچووك و بە بەها کردووە و جۆرك لە دیمەنی گاتجاریی و کاریکاتێری بەو کارساتە داوە، وەك ئاوەی نووسەری هەمانکە باسی دەخکی زۆر ئاسایی بکات، لە بری قیژە و ناڵە و هاواری تاساوی ئەو خەڵکە، کە دەنگییان لەو هەژگارە دەگیشتە لای خودا. کاتە لە خوێنەوەی ئەم هەمانە سادەیە بووموە، وەك ئاوەی ئێنفال هەری هاووی نەدابەت لام وابوو، چونکە لە بچووکترین شوێنی هەمانکەش، گەورەیی ئەو کارساتە نیشان نادات و لە پراوەزی درێژدادی هەمانکەی، لە تیمەی سەرکی دوور دەکەوێتەوە و بابەتی لاوکی دەنێتە نەو باسی ئێنفال.

ئەم هەمانە، باس لە ژنکی پاشماوەی ئێنفال دەکات. مستوورە و کچکانی، دوای ئاوەی لەلایەن هێزمی بەعسەوە، بە هاوکاری جاشکانی

قاسم ئاغاوە، پەلاماری گوندەکیان لە ناوچەی شوان و بناری خاخان دەدرێت، لە چەمی بابە ڕووش خەیان دەشارنەوە، بەڵام دواتر وەك هەزاران کەسی دیکە، بەر ئەو شاڵاوە نەگریس دەکەون. دوای گرتنیان، بە ئوتومبێلێك دەبردرێن و دەگوازرێنەوە و لە باگەدا ئوتومبێلەکە وەردەگەڕێت و مستوورە دەبردرێتە نەخشخانە و بەم شێوەیە لە (خدری حاجی) هاوسەری و چوار کچەکەی (بەهار، نەرگز، کوستان، ژیان) دادبەڕێت و ئەوان ئنفال دەکرێن، ئەویش لەلایەن دوو سەربازەوە دەبردرێتە نەخشخانە و دوای چاکبوونەوەی لە نەخشخانە دەردەچێت و مینە و گوڵە دەناسێت و سەراغی کچەکانی دەکات، بەڵام ئەم سەراغکردنە، هیچ ئەنجامێکی نابێت.

مستوورە، جارێکی دیکە شوو بە بایز ئاغەی پیاوی قاسم ئاغە دەکات و دەبێتە هاوسەری ئەو و لە شوقەیەکی ئیسکان لە شاری هەولێر دەژَیت. مستوورە، بەم شێوەیە دەمێنێتەوە تا ئاپەین ڕووداوات و هەولێر ئازاد دەکرێت. ئەمە پوختەی ئەو ڕەمانە بوو، کە گوایا لە کارساتی ژنانی پاشماوەی ئنفال دەدوێت و خەم و ناسرییەکانیان لە باگەی ئەدەبەوە بەرجەستە دەکات. بگومان هەر لە دەسپێکی ڕەمانکەوە، میران بە ئاگاو نەشارزا بووە، لەچنیەتی کارساتی ئنفال و بکەرەکانی و مژووکەشی.

لە پرسەی ئنفالدا، هەرگیز ژنان و پیاوانی کورد بە یەکەوە ئنفال نەکران، بەڵکو لە دەسپێکی هەر هەرش و پەلامارێك بە سەر هەر گوند و ناوچەیەك، پیاوانیان جیا دەکردەوە و ژنان و منداڵانیشیان بە تەنها دەبرد، ئەمە لەلایەکی دیکەوە، گریمان ئوتومبێلی ئنفالکراون وەردەگەڕێت وەك ئەوەی نووسەری ڕەمانکە باسی دەکات، بەڵام دەبوو ئەوە بزانێت کە هەرگیز پیاوەکانی ڕژێم هێندە میهرەبان نەبوون، تا ئامادە بن بریندار ونەخشانی ئنفالکراو ببەنە نەخشخانە و بیانلاوێنەوە و خزمەتیان بکەن. گواستنەوەی ئنفالکراوان، لە باگەی ڕە و شوێنکی هێندە تونەدو و کەنترۆلکراو و چاودێریکراو ئەنجام دەدرا، بواری ئەوە نەبوو، یەك ئوتومبێلیش تووشی تامپەن بێت. ئەم دەسپێکە ناهونەری و لاواز و گەمانەوە بە مانایەی کارساتەکە لە ڕەمانکەدا، دەریدەخات کە نووسەری ڕەمان، بە ئاگایە لە کارساتی ئنفال و چنیەتی ئەنجامدانی. دوای ئەمە نووسەری ڕەمانکە، بە جۆرێك باس لە ژنانی پاشماوەی ئنفال دەکات، وەك ئەوەی خەمیان تەنها ناو گەڕە و نووستن و مەردکردنەوە بێت، بە کەش؟ بگومان بەو جاشانەی ئنفال و ئەتکیان کردن، وەك ئەوەی یادەوەری ژنی کورد هێندە لاواز بێت، ڕاست و چەپی خەی نەناسێت و بە

ئاسانی ئەنفال و جەلاد و بکەرەکانی لە بیر بکات.

میران، نەك هەر سەرکەوتوو نەبووە لە وەناکردنی ژنەکی پاشماوەی ئەنفال کە هاوسەر و چوار کچی جوانی ئەنفالکراون، و بەردەوام لە نەو خەفەت و قەهر و چاوەوانی دەژیت و تا مردن لە چاوەوانی دەمێنێتەوە، بگرە وەنەی مەستوورییەکی بە خەم وخەفەتمان پیشان دەدات، کە لە بری ئەوەی خەیالی لای کچ و هاوسەرەکەی بێت، بەردەوام خەیالی لای گەرماو و خە شوشتن و نەو گەە و پشیلە کوڕەکەیەتی. هەبەتە، ئەمە زەر باشتر لە نووسەری ەەمانەکە ئەوە دەزانین کە مەستوورەش وەك هەر ژنەکی دیکە، سووەی مانگانە دەبینێت و مەمکی هەیە ودەچێتە گەرما و وخەی دەشوات، بەەام جیاوازی ئەمە لەگەە نووسەری ەەمانەکە لەوەدایە، کە ئەمە دووشکردن، بە خەمی ەەژانەی مەستوورە نازانین، چونکە خەمەکی گەورەتر و کەستەکی قووەتر و مەزنتر لە ژیانی ئەودا هەیە، کە ئەویش لەدەستدانی خەزانەکەیەتی. ژنانی پاشماوەی ئەنفال لە دوای ئەو کارەساتە، نەك هەر نەپەژانە سەر ئەوەی جارەکی دیکە دەست بە ژیان بکەنەوە، بەەکو زەرینەیان تووشی خەمەکی و گەشگیریی و تەنهایی بوونەوە و بە تاسەی گەانەوەی ئازیزەکانیان، چاوەکانیان خستە ژەر گە. با بزانین نووسەری ەەمانەکە، لە ەەمانەکەیدا چۆنی باسی مەستوورە و ژیانی تایبەتی و ەەژانەی لە شوقەکانی ئیسکان دەکات، تا بزانین ئەمەبوو ژیانی دایکەکی جگەر سووتاو؟ بە نموونە:_

* لا 65 نووسیویەتی :_(بە سەر شکانەك ئاگام لە قوونی خەم نەما) مەبەستی لەرە مەستوورەیە.

* لا 67 نووسیویەتی:_(لە جەستەی خەی ەووانی، دەستی هەبەی و خستیە ژەر مەمکەکانی وەکو جاران قنج و قووتن) دیارە مەستوورە، زەری بەلایەوە گرنگ بووە، مەمکەکانی لیچ و شەە نەبن و بە گرتن بشەن بەیە وا دەەەت !

* لا 67 نووسیویەتی:_(دەستی بە سەر ورگ و سمتی هەنایە خوارەوە، پەنجەی ەاستی خستە نەو تووکە بەرە ەەشکەی و سەری شەە کردەوە(

* لا 129 نووسیویەتی:_(لەرەدا، دوای ئەوەی مەستوورە و کچەکانی لە بەر پیاوانی ەژەم لە چەمی بابەەووشە خەیان حەشاردراوە، مەستوورە سوخمەی ژیانی کچەکەی ترازاند و پەی گوت با سنگ و مەمکی تەش دەرکەوەەت) لەو بارودۆخە دژوار و پە لە ترسەی نەوان مەرگ و ژیاندا، دایکەك هەیە ئەمە بە کچەکەی بەەت؟ مەگەر لە خەیاەدانی

نووسەری ئەم ڕۆمانە نەبێت !

* لا 134 نووسیوێتی:_(زیاتر لە دە گەنج دەستیان بە مەمك و سمتم برد).

* 137 نووسیوێتی:_(ئەگەر خێت قوزت نەخورێت ئەوا بە هووتی بە نەو ئەو قەرە باغیە نایەیت) بە ڕاستی شەرمە، یەك ساڵ دوای پرسەی ئەنفال و ژنانی ئەنفال کراو، قسەی وەها بڵێن و پێیان بگوترێت. ئەمانە نەك هەر ڕاست نین، بەڵکو سووکایەتیشە بە پاشماوەی ژنانی ئەنفالکراو.

* لا 139 نووسیوێتی :_(ئەم بۆلایە لە ژێر قوونی من بووە).

* لا 143 نووسیوێتی :_(مەستوورە ئەوەندە دەستسڕە و کلنکسی ئاخنیوێتە نەو گڵە، لچ و لەوی دەکزێتەوە).

* لا 172 نووسیوێتی:_(هێتمی پەکانی ڕادەوشاند، گردی سمتەکانی لەگڵە تەنی تەقە تەقی پەڕاوەکاندا دەجووڕاند(.

* لا 181 نووسیوێتی:_ (ئازاری زگی هەبوو، دەستی شەرکردەوە نەو دەرپەکەی (.

وەرای باسکردن لەو دیمەنە تایبەتی و پەرنەیانەی مەستوورە، کە بە هیچ شێوەیەك گوزارشت لە دنیای پڕ خەمی ژنەکی ڕزگاربووی کارەساتی ئەنفال ناکات، نووسەری ڕۆمانەکە تەنانەت مەستوورە دەکاتە دزیش ! ئەویش دوای ئەوەی دانیشتووانی شوقەکانی ئیسکان، لە کۆچەوەکەدا ماڵەکانیان جێدەهێن، ئەو دەچێتە نەو ماڵەکانیان و لە ماڵی پاکیزە خان، پەلاو، عەزیبە و جلو بەرگی ئەو ماڵە دەبات و خەی پە بابا دەدات. هەموو ئەم دیمەنانە، جگە لە سووکایەتی، بچووککردنەوە و بە بەهاکردنی خەمی ئەنفالکراوان، هیچی تر نییە، بەمەش نووسەری ڕۆمانەکە نەك نایتوانیوە، گوزارشت لە گەورەیی ئەو کارەساتە بکات، بەڵکو لە ڕگەی ئەو بە نەو ڕۆمانیەوە، سووکایەتی و گاڵتەشی پە کردووون.

چەند هەڵەیەك لە ڕۆمانەکەدا:_

بە درێژایی ئەو ڕۆمانە، لە گەلەك شوێن و لە میانەی گەڕانەوەی هووداوەکاندا، نووسەری ڕۆمانەکە کەوتۆتە هەڵەی مێژوویی و بابەتی و زەمەن و شوێنیش. بە نموونە: یەکەك لەو هەڵانەی بەردەوام دووبارەی کردۆتەوە کاتە باسی کۆچەوە و زەمانی پێش ڕاپەڕین دەکات

ئەوەیە، کە دەیەت خەباریەکی زەر باریبوو. ئم هەیە گەلەك لە هاوسانی دیکە، کاتێ باسی زەمانی پشوا پەین دەکەن، بە ئەوەی هەستی پێ بکەن تەی دەکەون. ئارام محەدیش لە هەمانی (ئەو هاوارەی نەبیسترا) کە باسی دەدار دەکات، کاتێ باسی ئەو هەژە دەکات کە دەداریان شاردەتەوە، دەیە خەباریەکی زەر هەبووە. بگومان خەبارین، دیاردەیەکی سرووشتی و ژینگەیی ئەم ساانەی دوایە و لەگەڵ هووخانی بەعس دروست بووە. بەیە پشووتر نەبووە. کاتێ نووسەری هەمانی خەمی مستووری باس لەوە دەکات کە هەژی کەچەوەکە کە هەکەوتی 31 /3/ 1991 بوو، خەباریەکی زەر هەبووە هەیە، بە پچەوانەوە لەو هەژانەدا بارانی بە خۆ دەباری.

یەکەکەی دیکەش لەو هەانە ئەوەیە، کە نووسەر بەردەوام ئاپارتمانەکانی ئیسکان بەکاردەنێت کە ئەمش هەیە، چونکە پش هاپەین، دانیشتووانی هەولێر و ئیسکانیش نیان دەگوت ئاپارتمان، بەکو هەر بە شوقەکانی ئیسکان ناویان دەهێنرا. لەلایەکی دیکەوە لە گەلەك شوێنی هەمانکە هەیە و درێژدادی هەیە وەك:_

* لا 21 کاتی دوو سەربازەکە لە بارەی دیستفسکییەوە گفتوگۆ دەکەن، یەکەکیان بە ئەویتریان دەیت هووسییە، لە کاتێکدا هووسی بە قەناغی دوای هەرسی سەقییەت بە کاردێت.

* لا 103 نووسیویەتی:_ کاتژمێر لە ژوورەکەی مستووری نەبوو. هەی تە دەچێت مرۆڤەك بە تەنها لە ژوورەك بژیت و کاتژمێری نەبێت؟ گریمان نووسەر لەرەدا مەبەستی وەستانی زەمانە لای کەس و کاری ئەنفالکراون، بەڵام هەرخەی بە درێژایی هەمانکە، باس لەوە دەکات کە مستووری، کاتژمێر چوار دەگەڕایەوە ماڵەوە، یاخود کاتژمێر دوو لە ماڵ دەردەچوو.

* لا 108 نووسیویەتی :_(هەژی دوای ئەو شەوەی شێخ بایز مستووری جەدەلەت و پەی دەیەت لە ماڵ نەچیەدەر و ناحەزان بزانن داخی دڵی من بە تە دەیەژن، ئیدی مستووری تایەکی گەرم دەگرێت و هەفتەیەك لە نەو جەگەدا دەکەوێت) کەچی شش دەیە دواتر دەنووسێت:_(قسەکانی شێخ بایزی مەردی، مستووری نەترساند).

* لا 110 نووسیویەتی :_(لە نیوە شەودا، مەجیدە شەل، دوو جار هات بانگی مستووری کرد و لەدەرگا و پەنجەرەکانی داو پەی گوت سەربازەکانی هەژمی بەعس گەیشتنە نەو شاری هەولێر) لەرەدا مەبەست هەژەکانی پش کەچەوەکەیە و دیارە مستووری ئاگادار کرایتەوە،

کەچی لە لاپەڕە 116 دا، ئەمجارەیان مەستوورە دەڵێت:_(دەبێ شتێك ڕووی دابێت؟ ئیتر با بزانم مەگەر مەجیدە شەل هەواڵم بۆ بێنێت) بەگومان ئەمەش دوو گەمانەوەی پێچەوانەی یەکترین.

* لا 123 نووسیویەتی:_(پێنجەی لە سەر زێنگەکە دانا) نووسەر لێرەدا باسی ساتی کێچەوەکە دەکات، بەڵام لە کێچەوەکە و سێ مانگ پێشووتریش، کارەبا لە شاری هەولێر نەبوو.

وەرای ئەمانەش، میران لەو بڕوایەدا نەماوە، بە جۆرێك وەسفی خەڵکی هەولێری کردووە، وەك ئەوەی خەڵکەکی زۆر بەباك، نا بەرپرسیار و بە خەم بێن بەرانبەر کەس و کاری ئەنفلکراوان، کە ئەمەش جۆرێکە لە چەواشەکاریی، چونکە هەموومان حەقیقەتی هەولێرییەکان و هەوەستیان بەرانبەر ئەنفال و ئەو ڕووداوە و لە خۆگرتنی ئەنفالکراوان دەزانین.

هەماننووس، بە جۆرێك وێنەی مەستووری لە هەولێر پیشانداوە، کە هەموو ئەو سووکایەتی و بێ ڕێزیی و شکەشکاندنەی پێی دەکرێت، لە نێو بازاڕی هەولێر و گەڕەکەکانی و لای هەولێرییەکانە. بەردەوام قەڵا و قەیسەری و بازاڕی ئەوە دەکاتە ڕووبەری ڕووداوەکانی ژیانی مەستووری.

دواجار زۆر بە ئاشکاوی دەیەم، ئەم هەمانە، گاڵتەکردنە بە هەست و سۆز و ڕوح و ژیانی ئەنفالکراوان و پاشماوەکانیان. ئەم جۆرە هەمانانە، لە بری ئەوەی خەم و تراژیدیاو گۆڕەیی ئەو کارەساتەمان پیشان بدات، بە پێچەوانەوە لە ئازار و گۆڕەیی کارەساتەکە کەم دەکەنەوە و بە بەهای دەکەن !

پەراوێز: خەمی مەستووری، هەمان، میران ئیبراهام، زنجیرە کتێبی بەناو کراوەی کەپر _ 2020.

*ئەم باسەتە لە گۆڤاری دیوان ژمارە (44) کانوونی دووەمی 2025 بەناوکراوەتەوە.

گۆڕانی کۆمەڵایەتی.. نەوزاد بەندی

ئەریک فرۆم باس لە دۆخێکی تراژیدیی مرۆڤ دەکات کاتێک کۆمەڵگە کۆمەڵایەتییەکان دەستکاری و حوکمڕان ئەبن، هەموو بیرکردنەوە و کۆسپایەتیی خەڵکی ئەستێتەوە و لەناو ئەلف و فەرمانڕەواکێدا ئەتوێتەوە، هەستی ڕەخنەگرتن و ناڕازایی تیایدا بە تەواوەتیی لە بار دەچێ و ناتوانێ بچوکترین بەدوادا چوون بە ڕاستی و مافەکانی خەڵکی بکات، ناتوانێ بچووکترین پەنجە لە ڕووی زوڵمدا ڕاوەشێنێ و ناتوانێ بە چرکەیەکیش هەست بە ئازادیی خەڵکی بکات، ئەبێتە برغوێکی وەهمیی لەو دەزگا زۆبەلاحەی داپڵاساندا، لەجیاتی ئەوەی بیر لە ئازادیی و کۆسپایەتیی خەڵکی بکاتەوە، بە دوای پاساوهێنانەوە و بیانوودا ئەگەڕێ بە پینە و پەڕۆ کردنی دۆخە گۆڕاوەکەی خەڵکی، تەنانەت ئایین و بیر و باوەڕە ئاسمانییەکان بە جۆرێک دادەتاشێ، لە خزمەتی ئەو دەسەڵاتە دەندەیەدا بە کە خەڵکی تەدا نوقوم کردووە وەک ئەوەی گوایا خوا داوای کردبێ پشتگیریی حوکمڕانانی گەندەڵ بکرێت و بە گوور و فریاد ڕەس دابنرێن و هەرگیز دژایەتیی نەکرێن، هەر چی بداتە، بە دۆخەشیەوە وەریبگرێت و هەرچیشی لە قەدەغە بکات، بە گۆڕاوەیی و دڵفراوانییەوە، ڕەزامەندیی بە قەید و شەرتی خەڵکی بە نیشان بدات .

ئەم دۆخە خەمگین و ترسناکە لە هەمان کاتدا ، بریتییە لە سینەوەی مرۆڤ، لە کاتایی هێنان بە بیرکردنەوە، لە هەرسهێنانی ڕەخنە کە زانستکە و بنەمایەکی پتەوە لە بنەماکانی کەڵتناسیی مەدەرن و کەندا، لە تەماس مەرەوە کاتە ڕەخنەی لە دەسەڵاتی ئەو سەردەمەی فلەڕنسا گرت (هەرچەندە هاوەڵی گیانیی بە گیانیی بوو هنری وخانەوادەکە بوو) بوو بە هەی خە فیداکردن و سەرپەڕاندنی لە پێناوی هەشتنەوەی کەمەگا لە دۆخی ئاسایی و سروشتیدا و سنووردانان بە سیستمی تۆتالیتاریی ناداد .

هەتا ئێگات بوو کەس دیارانەی ئەمڕۆ لە پێگە بەرزەکانی سیاست و فیکردا ، دژی دەسەڵاتی ناداد ئەوستن و پەنجەیان لە ڕووداوەشێنن، وەک ڕۆژانە لە پەرلەمانەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا و ئەوروپادا ئەیانبینین.

گۆڕاوەیی کۆمەڵانە مرۆڤێک بەرهەم دێنێت لە هەموو شتێک ئۆچێت لە مرۆڤ نەبێت، کاتە بە بوونامە و پێگەیەکی گووری کەمەڵایەتییەوە پاساوی ئایینیی و کەمەڵایەتیی و دەروونیی دێنێتەوە بە وازهێنان لە

هەموو جۆرەکانی بۆرگریی و بانگەشە بۆ خۆبە دەستەات شلکردن تا بە ئارەزووی خۆی تاوان و بڕە و کوشت و کوشتار و زوڵم و جینۆسایید و برسیکردن و زیندانکردن و ترساندن و تۆقاندن ئەنجام بدات .
بۆ نمونە لە هەر کەسکدا گوێی لە دەنگی ناڕەزایی بێ، یەکسەر ئەبەتە پارێزەری فەرماندەوا و قسەیەکی ناقۆڵا فڕێ ئەدات وەک ئەوەی ئەڵێ : لە سەردەمی پێغەمبەرانیش هەروا بووە، بۆگزادەکان خواردوویانە، میللەتیش بە نانسکی و ئەشکەنجەوە بە ڕێی کردووە، نمونەی بیلالی بە پشت و پەنا وهەژار و کەیلە دەنەتەوە کە بەردەکی گەورە ئەخەنە سەرپشتی لە بەرامبەر موسوماانبوونیدا، لە هەمان کاتا باسی حەمزەی خاوەن پشت و پەنا و پێگە دەکات کە بە ئازادیی موسوماانبوونی خۆی ڕاگەیاندووە و هیچ کەسێ نەیتوانیوە توخنی بکەوێ .
باسی ئەوە ئەکا فیرعەونەکان بە ملیۆنان مرۆڤیان ئەشکەنجە داوە و بە برسێتیی ئەهرامەکانیان پێ دروستکردوون و هەمووانیش لە گوێ کاتێریان بە فیرعەون نەوتووە . باسی ئەمریکا ئەکا، قەتڵ و عامی ملیۆنەها هیندیی سووریان کردووە و ئەستایش هەر خۆی خاوەنی هەموو بەیارەکە .باس لە عوسمانییەکان ئەکات، لە کەیف و سەفادا ژیاون و ئەرمەنەکانیان جینۆساید کردووە و هیچ کەسەکیش لاریی بوونی خۆی ڕانەگەیاندووە . بەڵام جەنابیان باسی چاوی دووەمی ئەم ڕاپۆرتە تاکچاوانەیان ناکەن ، لە کاتێکدا موسوماانە خاوەن پشت و پێگەکان بە زەڵەکی زەر و چاندنی هەزاران دارخورما، بیلالیان لە کەیلایەتیی و لە ژێر بەردە زەلامەکە ئازاد کرد و تا کۆتایی تەمەنی ژیا، بەڵام حەمزە لە پەناوی بیر وباوەکەیدا وەک سەربازێک لە گەڵ پانی جەنگدا شەهید بوو .باسی ئەوە ناکات کە کەیلەکان لە دەوری موسا کەبوونەوە و شەڕشیان کرد و فیرعەونیان نوقمی ناو دەریای سوور کرد.
باسی ئەوە ناکات، هیندییە سوورەکان بە تیر وکەوان و چەق و هەکارە سەرتاپیەکانی شەڕکردن، هووبووی سورفلە داگیرکەرەکان بوونەوە و هەزارانیان لەکوشتن .باسی ئەوە ناکا ئەو کەیف وسەفاو زوهمەی عوسمانییەکان لەدژی کەمینەکان ئەنجامیان ئەدا، سەری خواردن، وا بە سەدیەک زیاترە خەون بە خەلافەتەوە ئەبینن و گەرانی وسروود بە گەلانەوەی سوڵتانەکانیان ئەکەن و بە خەویش نایبینەوە، چونکە کە دیکتاتۆر ڕما، جارەکی تر هەڵناستەوە.
ئەم مرۆڤە داشڕاوە لە هەموو هەستەکی مرۆڤایەتیی و لە هەموو بیری ئازاد و لە هەموو جوڵەیەکی سەربەخۆ، ئەوەندە خۆی بچوک کردەتەوە، ئەتوانیت لە مەرووڵەیەک بچوکتر ماموستای لەگەڵدا بکەیت و بیدەیت بە دار و بەردا، زیندان و داماو و بە داهاتوو، برسی و ووت و

ەجاڵی بکەیت بە جۆرێک لە گیاندارانی تر، زیاتر و زیاتر لە بواری بڕگری و مافەکانیدا پاشکشەی کردووە، بە نمونە پشیلەیەک لە گۆشەیەکدا قەتیس بکەیت پڵاماری ەوخسارت ئەدات، بەام ئەم مرۆڤە سەیرەی کە ئەریک فرەم بە مرۆڤی تواوە پناسەی کردووە، هەتا قەتیستر بکرێ، زیاتر ئەکەوێت بەسەر پەاوی جڵادکەیدا، زیاتر پاساو دەنەتەوە بە نیعمەتی قەتیس بوون و وەک تاقیکردنەوەیەکی خوایی تەماشای دەکات، پەیکەر بە قەتیس بوون دادەتاشێ و پیرەزی ئەکات، جڵادەکانی وەک فریادڕەس و فریشتەی خوایی و جگرەوەی خوا و شمشێری خوا تەماشا دەکات، ئەەم جڵادە جوانکیلانە نەبوونایە ئەم لە خەمان بایی ئەبووین و کافر ئەبووین و نوقمی بریق و باقی دنیا ئەبووین و بڵاسە ئەبووین و ئاخیرەت و بەهەشتمان لە کیس دەچوو ، دیارە خوا تا کۆ نەبینێ بەفری تە ناکات و دەستەک دەسەات بیبەێ، خونی لە نایەت و دنیا بە بە باوەانە! لەوێش سەیرتر ئەکەوێتە قسەکردن بەدەم ئایین و پغەمبەرانەوە و فەرموودە دادەتاشێ، جڵاد ئەکا بە شمشێر وشنی خودا و ئەە فەرموودە وتویەتی خەتان چن بن، کەسکی وا فەرمانەواتان ئەکات و مناجەێ و سەرقاپی یەکترن ! ئەگەر لەی بپرسی ئەرێ کوا ئەوە و جڵادکەتان لە یەکتر ئەچن ؟ئەم مناجەێ و سەرقاپێ لە چیدا لە یەکتر ئەچن ؟ ئەوە و جڵادکانتان هەر خواتان یەکێ، لەوێتی ئەوە هن ئەو شقتان تە هەئەدا، ئەوە هشتا شقوشاندنتان تاقی نەکردەتەوە، ئەو لەوێتی هەیە نان و ئاو و سامان و داهاتووی خەتان و منااەکانتان بە خەی ئەخوا، ئەوە هەموو ژیانتان برستیی و نەخشیی و نەزانیی و زیندان و بە هیوایی بووە ، ئاخر ئەم چن لە یەکچوونەکێ ؟ ئەم چن مناجەێ و سەرقاپەکێ ؟

ئینجا وەک هەموو بیردەزەکان کە کەمەەک دەرئەنجام لە خدەگرن ، ئەم مرۆڤە گوەایەەی دەسەات، کەمەەک دەرئەنجامی تری تیادا سەرهەدەدات کە ناتوانێ بە موو لەیان لابدات، واتا ئەبەتە گوەایەەی کەمەەکی زەر لە بەرنامەی ناتەندروست کە خەی بە داب و نەریت و کولتوور و شتی پیرەز لەکیان ئەداتەوە ناتوانێ بە موو لەیان لابدات، ئیتر لە خواردندا بە یان لە تەمەیی و تەوەزەلیی و زەر خەوتندا بە، لە پیس و پەخەیی و ووڕگ بەردانەوەدا بە، لە شەەی گەەک و حیزب و ەکخراوەیدا بە،لە شەەی عەشایەریی و براکوژیی و ئەریی و سیخوڕیی و دووزمانیی و فزوەیەت و هەموو جۆرەکانی خیانەتدا بە، لە ئازاردانی گیاندارانی بەستەزمان و دار و درەخت وخاک و ئاودا بە، لە پیسکردنی ژینگێ و نمەک بە حەرامیدا بە، بە جۆرەک وەک گیاندارەکی دەبەنگ کەمەگاکەی ئەکاتە تەویلەیەکی ترسناک و نائارام و بگەن و پڕ لە دەرد و نەخشیی و تاریک .

ئەم دۆخە قبوڵنەکراوە، ئەبێتە زامنی مانەوەی حوکمڕانەکان بە کاتێکی درێژتر، هەر بۆیە زۆر بە تام و چێژەوە تەماشای ئەو کۆمەڵگایە ئەکەن کە لەناو زەنگاوی نەزانیی و گەمژەیی و دژایەتیی یەکتر و برسێتیی و بێ سەر و بەرییەیدا ئەژین، پشتگیریی و دەستگرێیی ئەو دۆخە ناشیرینەی کۆمەڵگا ئەکەن، شایانی باسە کاتێ لە زانکۆ بووم، لە قەناغی یەکەمی کۆلێژدا ، هاوڕێیەکی عەرەبم هەبوو، ڕۆژهەکیان بە ڕەکەوت دەمانچەم لەناو کۆل و پۆلەکەیدا بینی، ئەمزانی ئەم کوڕە سەر بە حیزبی بەعس نییە هەتا دەمانچەی پێ بێ، هەر بۆیە پرسیارم لێکرد، لە وەڵامدا ووتی : ئەمە شتێی عەشایەریمان هەیە، دەسماتی بەعسیش مافی دەمانچە هەڵگرتنی بە هەردوو لامان داوە، هەتا لە هەر شوێنێ ڕەکەوتی یەکتری بکەین، یەکتری بکوژین!

ئایین و خوداناسی.. حسین قادر

پرسیاری مێژوویی مرۆڤایەتی ئەوەیە، خودا کێیە و چۆنە؟ لە ڕاستیدا وەڵامی ئەم پرسیارە، لای بەدینەکان و دژدینەکان بە بێ وەڵامی ماوەتەوە، زۆر جار وەک کۆرستەیەکیش بۆ ڕانبەر موسڵمانان بەکار دەهێنرێت. سەرەتا پێویستە لەوەو دەست پێ بکەین، لەم جیهانەدا دوو تایبەتمەندیی سەرەکی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە بەشێکی ماددی (بەرجەستەیی)یە و لە سنووری ئاوەزی مرۆڤدایە، بەڵام دووەمیان بەشێکی شاراوەیە و خودا بە دانایی خۆی لە مرۆڤی شاردووەتەوە، بگومان شاردنەوەی بەشێک لە نهێنییەکانی گەردوونیش، تەنیا خۆی پێی زانایە و ئامانجەکەی خۆی دەیزانێت.

سەبارەت بە خودا، هەموو مرۆڤێکی هۆشیار ئەوە دەزانێت، کە خودا لە هیچ شتێکی تر ناچێت، واتە هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ بینیوییەتی یان بە خەیاڵیدا هاتووە، هیچیان لە خودا ناچن، سنووری عەقڵ و توانای مرۆڤ، ناتوانێت دەرک بە هەندێک شت بکات و وەڵامی پرسیارگەلێک بداتەوە، وەک (دوای مردن بۆ کوێ دەچین؟ خودا و فریشتەکان شێوەیان چۆنە؟ ڕۆژی دوایی چییە؟ بەهەشت و دۆزەخ چۆنن؟) هەموو ئەم پرسە گرنگانە، پێویستان بە هۆکارێکی لە ئادەمیزاد کە ئەویش بریتییە لە (ئایین). هەموو قەناعەتکانی پێگەیشتن و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای هەر شارستانییەک، لە سەرەتاوە

دابونەریتە، دواتر بەکاوەخۆ دەبێتە کولتوور و هونەر، پاشان تەوژمێنەوەی زانستی وەک قەناغی سێیەم، هەنگاوێکی کاریگەریی لە بەرەوپێشبردنی ئاستی هۆشمەندی تاکدا هەیە. دوای ئەوەیش، فیکر و فەلسەفە هەنگاوێکی گرنگ لە ئاراستەکردنی کۆمەڵدا دەگێڕن و خزمەت بە لایەنێکی جیهان و مرۆڤایەتی دەکەن، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە، دەروونی مرۆڤ بەبێ ئایین نائاسوودەیە. چونکە ئایین، کەتا قەناغی پەرەسەندنی هەستی مرۆڤایەتییە. ماکوان کەریم کە بانگخوازێکی کوردە، دەڵێت: (کرێکی فەلسەفە، خۆشویستنی جوانی و حیکمەتە، بەڵام خوێندنەوە و فەلسەفە ئەگەر نەتگەیەنن بە خودا، ئەوە دەتگەیەنن بە هیچ).

لە نەبوونی خودادا یان هەر هەزێکی باڵای تر، کە مانا بە ژیان ببەخشێت، دەخەکە زیاتر نامۆ و ئاڵۆزتر دەبێت و مرۆڤیش هەوبەووی ژیانێکی نادڵپڕۆرانە دەبێتەوە. ئایین وەک هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە ماهیەتی بوون و دەزێنەوەی مانای ئاستەقینەی ژیان سەیر دەکرێت. چونکە بەبێ ئایین، مرۆڤ هەوبەووی نیگەرانیی بوونگەرایی دەبێتەوە، کە بەهۆی هەستی بێمانایی و نامۆبوونی ژیانەوە دروست دەبێت. ئایین هەوڵدەدات لە هەگبەی پشکشکردنی بەها و ئامانجی ژیانەوە، ئەم بۆشاییە دەروونییە پڕ بکاتەوە. پڕکردنەوەی ئەم کەلێنەیش لە هەگبەی فەرموودەکانی پێیامهێنەوە (د.خ) کە مزگێنی بە چاکەکاران داوە، خودای گەورە لێیان خۆش دەبێت و ژیانی دوای مردنی بە مرۆڤ، هەوون کردووەتەوە.
دوا جار کە دوای مردن، مرۆڤ باج یان پاداشتی کردەوەکانی وەردەگرێتەوە، هەزێکی هەستی مرۆڤی ئیماندار و نیشانەیەکە بە فەراهەمبوونی دادپەروەریی ئاستەقینە لەپاش مردن.

بیرمەندانی بوونگەرایی، وەکوو نیتشە (١٨٤٤ – ١٩٠٠)، مارتن هایدگەر (١٨٨٩ – ١٩٧٦)، ژان پۆل سارتەر (١٩٠٥ – ١٩٨٠) پێیان وایە کە مرۆڤ فڕێ دراوەتە ناو جیهانەکەوە، ئەم جیهانەیش هیچ مانایەکی پێشوەختەی نییە. مرۆڤ ئازادە لەوەی کە خۆی مانایەک بە ژیانی ببەخشێت، بەڵام ئەم ئازادییە لە هەمان کاتدا بەرپرسیاریێتییەکی گەورەی دەخاتە ئەستۆ، چونکە مرۆڤ خۆی بەرپرسە لە هەڵبژاردنەکانی و ئەو مانایەی کە بە خۆی دایدەنێت. بەڵام لە لایەکی ترەوە ئایین، پێشنیاری ئەوە دەکات کە مانای ژیان لە پێیوەندیی نێوان مرۆڤ و خودادایە، ئامانجەکەیش بریتییە لە هەزامەندیی خودا و بەدەستهێنانی بەهەشت. ئایا بوون بەبێ ئامانج مانای هەیە؟ یان ئایا مرۆڤ خۆی دەتوانێت مانایەک بە ژیانی ببەخشێت؟ لە ئاستیدا

ئەو ئایینە ئامانج و مانا بە بوونی گەردوون و مرۆڤایەتی دەبەخشێت، چونکە تەنیا لە ڕێگەی ئایینەوە دەگەینە وەڵامی پرسیارە گەورەکانی ژیان (ئێمە کێین؟ لە کوێوە هاتووین؟ بۆ کوێ دەچین؟) چۆن فەلسەفە دەتوانێت یارمەتیی مرۆڤ بدات بۆ تێگەیشتن لە بنەما ئایینییەکان، ئایینیش دەتوانێت وەڵامی بۆشکی گەورەی پرسیارە فەلسەفییەکان بداتەوە. جیاوازی سەرەکیی نێوان خواست (ئیرادە)ـی ئازاد کە چەمکێکی فەلسەفییە و قەدەری ئیلاهی کە چەمکێکی ئایینییە ئەوەیە، یەکەمیان ئەو باوەڕەیە کە مرۆڤ توانای هەڵبژاردنی لێنوان چەند ڕێگەیەکدا هەیە، ئەو بڕیارانەی دێدات بۆ تەواوی لە ئێستەی خۆیەتی. بە واتایەکی تر، کردەوەکانی مرۆڤ پێشوەخت دیاری نەکراون و مرۆڤ دەتوانێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ بڕیار بدات. بەڵام دووەمیان باوەڕەکە کە دەڵێت خودا هەموو شتێکی پێشوەخت زانیوە و دیاری کردووە، لێنەیاندا هەموو کردەوەکانی مرۆڤ. بە واتایەکی تر، هەموو ڕووداوێک بە ویستی خودا ڕوو دەدات و هیچ شتێک لە کەنتەڕەی خودا دەرناچێت.

خودا ئاگاداری خشڵی مار و مێروو، زانایە بە هەموو ئەو شتانەی لێم جیهانەدا ڕوو دەدەن، لە نزیکی هەموو مرۆڤێکەوەیە. جۆن فلەریە (١٥٥٣ – ١٦٢٥) کە ڕێشنبیرێکی سەردەمی ڕێنەسانس، نووسەر، شارەزای بواری فەرهەنگ، مامۆستای زمانی ئیتاڵی و وەرگێڕێش بووە، گوتوویەتی: (ئاگەڕ خودا بوونی هەبێت، دەبێت ئێم خودایە، ئاگاداری ورد و دروشتی ئێم گەردوونە بێت، ئاگاداری گەردیلەیەک بێت، ئاگاداری هەوڕینی گەڵای دارێک بێت). لە ڕاستیدا قسەی ئێم نووسەرە بەرئاوەز*، چونکە ئاگەڕ خودایەک ئاگاداری هەموو جووڵە و کاروبارێکی دروستکراوەکانی نەبێت، ئەوە بگومان شایەنی پەرستن نییە و بە کەڵکی خودایەتی نایێت. ئاگەڕ لە قورئانیش بەوانین بەمان ڕوون دەبێتەوە، کە خودای گەورە زانست و زانیاری لەسەر هەموو شتێک هەیە. (وَعِندَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لاَ يَعْلَمُهَا إِلاَّ هُوَ ۚ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ ۚ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلاَّ يَعْلَمُهَا وَلاَ حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الأَرْضِ وَلاَ رَطْبٍ وَلاَ يَابِسٍ إِلاَّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ. الأنعام ٥٩) کە بە کوردی دەبێتە: (تەنیا ئەو کلیلی نهێنییەکانی لایە کە جگە لە خۆی کەسی تر نایزانێت، ئەو دەزانێت چی لە وشکانی و دەریاکاندا هەیە، هیچ گەڵایەک هەناوەڕێت، ئیللا ئەو دەزانێت و ئاگاداریەتی، هیچ تۆوێک لە تاریکی زەوی و هیچ تەڕ و وشکییەک نییە، ئیللا لە لەوحی مەحفووزدا تۆمار کراوە. سوورەتی ئەنعام، ئایەتی٥٩).

شەوازەکی عەقڵانە (ئاوەزمەندانە) بە ناسینەوەی هەر شتێک ئەوەیە، لە ڕێگەی تایبەتمەندی و سیفەتەکانیەوە بیناسیت و پێی ئاشنا بیت. خودا نەوەد و نە ناوی هەیە، هەر یەکێک لەم ناوانە خاسیەتێکی خودای گەورەیە و مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی تێگەیشتن لەم ناوانەوە، خودا بناسێت و باوەڕێکی تەکمەتر بکات. لەم سەنگەیەوە، پێغەمبەر (د.خ) لە فەرموودەیەکدا کە ئیمامی بوخاری و مسلیمیش گێڕاویانەتەوە، فەرموویەتی: (إن لله تسعة وتسعين اسماً، مائة إلا واحداً، من أحصاها دخل الجنة) بە کوردی دەبێتە: (خوا نەوەد و نە ناوی هەیە، سەد کەم یەک، هەر کەسێک سەرژمێریان بکات، دەچێتە بەهەشتەوە). یەکەکی تر لە ڕێگەکانی ناسینی خودای گەورە ئەوەیە، ئەو نامەیەی لە ئاسمانەوە بۆ مرۆڤایەتی ناردووە، بیخوێنیتەوە و لێی تێ بگات. لەو نامەیە (قورئان)دا خودا ڕێزکی گەورەی بۆ مرۆڤ داناوە، لە ڕێگەی پەیامێشەوە خەبەری پێ ناساندووە.

ئەگەر ئیمان بوونی نەبێت، ئەوە ئیسلامەتیش هیچ پێگەیەکی نییە. ئیسلام لە پێنج پایە پێک هاتووە، یەکەم: شەهادەت، دووەم: نوێژکردن، سێیەم:زەکات دەرکردن، چوارەم: ڕۆژووگرتن، پێنجەم: حەجکردن. ئەم پێنج پایە ئیسلامی لەسەر بینات دانرێت، بەڵام زەمینەی ئەم پێنج پایە، ئیمانە. هەرگیز هیچ کەسێک ناتوانێت بە بێ ئیمان، خودا بناسێت. ئیمانیش بەواهێنانە بە خودا و نهێنییە شاراوەکانی دنیا. ئایەتی سێیەمی سوورەتی بەقەرە، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە چەمکی ئیمانەوە هەیە، چونکە سێ سیفەتی سەرەکیی باوەڕداران دەخاتە ڕوو. (الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ، البقرة ٣) بە کوردی دەبێتە: (ئەوانەی باوەڕیان بە شاراوەکان هەیە، نوێژەکانیان بە چاکی ئەنجام دەدەن، لەو ڕزق و ڕۆزیەی کە پێمان بەخشیون، دەبەخشن. سوورەتی بەقەرە، ئایەتی٣).

ئایین ڕێگەیەکە بۆ گەیان بەدوای خودادا، خوداناسیش هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەم گەشتە. لەم سەفەرەدا بۆ ڕاستیی ڕۆحا ناگەین، بەڵکو گەشتێکی بەردەوامە. فەلسەفەی ئایینیش ئەوەیە، ئیماندار باوەڕی بە نهێنییەکان و شتە شاراوەکانی گەردوون هەبێت. چونکە ئاگەر وانەبێت، ئایین هیچ ئامانجێکی نابێت و گەیانیش بۆ هودایی کەتایی پێ دێت.

*بەرئاوەز: مەعقول

ژوانی □□ش.. نەوشیروان ئازاد

لەم ببورە ،
هەڵبجەی جوان ..
ئەمسا ئیتر نایەمەژووان ..
خونچەی شیعر
لەشانزەی سەر
نادەم لەزولفی کیژی جوان
نایکەمە تاجگوڵینە ،
بەسەر مەزاری عاشقان
سی و پێنج ساڵ..
لەشانزەی سەر
هەموساڵ
شیعرەکی نوێ دەتبووون ،
بەئازاری تۆ دەناڵێ ..
ئیتر بەسەبەتەسوتان
نەکەس هەتوانەکی کردی و،
نەبەرپرسە مەشخەڵەکی بێت داگیرسان
ڕویان □□ش بێ ئەوانەی وا
سی و پێنج ساڵەوک زەریا لوش
خوێنی جەستەی شکۆتباری تۆ دەنوشن …
چەن بێ شەرمن …
لەسەر مەزی دانوستاندا…
شەهید بونی تەدەفرۆشن
بەقەد خەنی شەهیدانت ،
هێندەی ژانی پەئازاری ،
دواهەناسەی ،
ئالودەبوی …کەرپەکانت ..
تف و نەفرەت …بەئەوانەی..
تویان □□نجان …
لەژیان ..و ،
لەشەرش و بەرخەدانت

نەوشیروان ئازاد

خەیاڵی خاڵی.. شیعری شاهۆ حوسێنی

جار و بارێ
دڵی پڕم
مەیل و ساماڵ
شەوقی فڕین هەڵی دەگرێ و
ڕوو لە شەوقی
شەبەقی گەڵپی نیگات
شەتانە باڵی لەک ئەدا
هەڵدەفڕێت و هەڵدەفڕێت و
حەزی لێیە
تا کەتایی هەڵفڕین هەر باڵ لە بدات
بەڵام دڵی شکستم
قەت نازانێت
ئەم نیگایەت
ئەم گەڵپە نوورانیە
زەریایەکی قوڵی مەندە
تەندووراوێکی دڕندە
هەر چی بڵایدا تێپەڕێت
دەیخنکێنێت
جار و بارێ
پەپوولەی دڵ
هەوەدای شەبەقی
گەی مەمی بزێت دەبێ
حەزی لێیە تەواقفی ئەم لەوێ بکات
بەڵام ئەم شکستکە قەت نازانێ
هەرچی بڵای
ئەم گەڵدا تەدەپڕێت
گێ دەگرێت و

بۆ دووبارە نەبوونەوەی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە، داوا دەکەین عێراق ببێتە ئەندامی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی

37 ساڵ لەمەوپێش رژێمی بەعس شاری هەڵەبجەو دەوروبەری بە گازی کیمیاوی کیمیاباران کرد، لە ئەنجامی ئەم تاوانە زیاتر لە 5000هاووڵاتی سڤیلی ئەم شارە بوونە قوربانی و نزیك دە هەزاریش بریندار بوون، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ژمارەکەی لە هەڵکشاندایە بەهۆی مردنی بەردەوامی بریندارەکانەوە.
ئەمە لە یاداوەری 37 ساڵەی تاوانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەدا، لە پێناو دووبارە نەبوونەوەی تاوانی لەم چەشنە لە وڵاتەکەمان، داواکارین عێراق ببێتە ئەندامی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی .
ئەگەر ئەم داواکارییەی ئێمە کە 20 ساڵە دووبارەی دەکەینەوە ئەگەر جێبەجێ بەکرابایە، ئێستا کەیسی تاوانکانی سنجار و دوزو شارو شارۆچکەکانی دیکە بە سانایی دەگەیشتە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و تاوانکان بە جێنەساید لە سەر ئاستی جیهانی دەناسێنران، یاخود هەر ڕویان نادا، تاوانکارانیش لە سزا ڕزگاریان نابوو،
بۆیە لەم یادەدا داواکارین:
-بۆ زوترین کات عێراق پەیماننامەی ڕەما واژۆ بکات و پەیوەست بێت بە دادگای تاوانی نێو دەوڵەتیەوە، پەویستە پەرلەمانتاری کوردستان لە بەغدا بە پشتیوانی ئازادیخوازان و دیموکراسیخوازان کاری جدی بکەن بۆ ئەم مەبەستە.
-دەسیەی بە ئەندام بوونی عێراق لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ببێتە یەکێك لە خاڵەکانی گفتوگۆی لایەنە کوردستانییەکان لە گەڵ بەغداو هەر لایەنێکی دیکە.
-عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات و سەرۆك کۆمار

لە بەی وەاتی بکەری تاوان ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ.
-نابێت تاوانبارانی تاوانە مەزنەکان "ئەنفال، هەڵەبجە، بارزانی، فەیلی، ئەزیدی" لە سزا رزگاریان بێت و پێویستە قوربانیان قەرەبووی مادی و مەعنەوی بکرێنەوە.
-پێویستە دەوڵەتی عێراق قەرەبووی تاوانی جینۆساید و داگیرکاری کوردستان بداتەوە.

تەی هاوپەیمانی ڕزگخراوە کوردستانییەکان لە پێناو دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی- KONCICC
16-03-2025